**نامەیەکی کراوە بۆ هاوڕێی ئازیزم *مەهاباد قەرەداغی*:**

# وەرە بدەرەوە بە هەندەراندا و قەڵەم هەڵگرەوە!



## ڕۆزا حسێن





ئازیز مەهاباد! پاش سڵاو و ڕێز!

ئەم نامەیەت بە کراوەیی بۆ دەنێرم چونکە ناوەڕۆکەکەی زیاتر قسەکردنە لەسەر مەسەلەگەلێکی پەیوەندار بە "گشت"ەوە تا ئەوەی تەنها قسەوباسێکی دۆستانەی نێوان من و تۆ بێت.

قسەی من ئەمڕۆ لەسەر هەلومەرجی هەنووکەیی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان و تەحەدییە هەنووکەییەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوەیەیە. قسەکردنە لەسەر تێڕوانینە جیاوازەکان و لەسەر دەمەقاڵە گەرموگوڕەکانی ئەم ڕۆژانەی دەوری ئەم تێڕوانینانە.

ڕاستییەکەی ئەمڕۆژانە زۆر بەووردیی و لەنزیکەوە موتابەعەی ئەو چالاکی و بەسەرهاتە تازانەی تۆ و ئەو جەدەلە گەرموگوڕە دەکەم کە بەدەوری ئەو چالاکی و بەسەرهاتانەدا هاتۆتە ئاراوە. من ئاگادارم پاش گەڕانەوەت بۆ هەولێر و لە یەکەم هەوڵتدا بۆ پێداگریی لەسەر داواکارییەک بۆ بەرژەوەندیی ژنان ڕووبەڕووی شەپۆلێک لەنارەزایی و فشار و تووڕەیی بوویتەوە. بۆ داواکردنی مافیکی سادە کە خۆی هێشتا ئاستی ئەهەمییەتی بۆ بزووتنەوەی فیمینیزم جێگەی نیقاشە، دەمی زۆرێکت لێکرایەوە. پێش هەر لایەک دەمی خودی دەسەڵات و قەڵەمبەدەستەکانی و لەلایەکی تریشەوە دەمی کەسانی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتت لێکرایەوە. من ئەزانم بەشێکی کەمی ئەوانەی هاتوونەتە قسە هەر بۆ دامرکاندنەوەی کینە و بوغزی خۆیان بەرامبەر بەشەخسی تۆ ئەمە دەکەن، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە بەشی زۆریان لەبەرەی دەسەڵات و داکۆکی لە دەسەڵاتەوە یان لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕەخنەکردنی دەسەڵاتەوە دەست بۆ ئەم کارە دەبەن.

لە مەعەممای ئەم دەمەقاڵ و باسی ئیقالە و ئیستیقالەیەدا من تەنها بیرم لای ئەوەیە کە ئایا ئەمە چەند پەیوەندیی بە بزووتنەوەی یەکسانییخوازیی ژنانی کورد و بردنە پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەوە هەیە. جێی داخی منە کە دەبینم لەم نێوەندەدا ئەم بزووتنەوەیە و داواکارییە سەرەتاییەکانی باسیان غائیبە و دەمەقاڵ تەنها لەسەر حیزبایەتیی و کوردایەتیی و دژایەتی یەکتر و بردنەپێشەوەی شەڕە شەخسییەکان و تەسفییەکردنی حساباتە شەخسییەکانە.

ڕەنگە بیرت بێت کە من هەر لەیەکەم ڕۆژی بڕیاردانت لەسەر گەڕانەوە بۆ کارکردن لەناو حکومەتدا بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی یەکسانییخوازانەی ژنان بەدگومانیی قووڵی خۆمم پیشان دا بەرامبەر بە ئەهەمییەتی هەنگاوێکی وا بۆ ئەم بزووتنەوەیە و هیوایەکی وام پێوەی نەبەست. تۆ مافی خۆت بوو و ئێستاش مافی خۆتە تێڕوانێکی وات هەبێت کە دەکرێت بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنانی کوردستان بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ- یان بەکارکردن لەناو دەسەڵاتێک لەچەشنی ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە کوردستان هەیە بەرەو پێش ببرێت. بەڵام من پێم وایە ئەزموونی یەکساڵی مانەوەت لەناو دەسەڵاتدا و ئەم بێنەوبەردەیەی ئەم دواییە بەدگومانییەکانی منی سەلماند و ئەوەشی دەرخست کە تۆ بەڕادەیەکی زیاد لە پێویست هیوات بە بیرۆکەیەکی واوە گرێدابوو.

ڕەنگە تۆ ڕات وابێت کە نەخێر کار کراوە و ئەو کارانەش تەکانێکی کەم یان زۆری بە بزووتنەوەی ژنان داوە؛ بەڵام بەلای منەوە ئەو کارانە ئەوەندەی کاری "خۆ ڕتوشدان" و خۆجوانکردنی دەسەڵات بووە بە *ئیددیعای* یەکسانیخوازیی ئەوەندە کارێک نەبووە لەڕاستای خزمەتکردن بەبزووتنەوەی ژنان. بەڕای من کارێک دەکرێت خزمەتکردن بێت بەمەسەلەی ژنان گەر ئەو کارە بەجیددیەتەوە، بەتایبەت خۆی لەگرفتێکی هەنووکەیی ژنان بدات و بەجیددی مەبەستی چاککردنی هەبێت. بەسەراحەت لەم ڕووەوە من، بەپێچەوانەی تۆوە، تەواو گومانم لەجیدییەتی پیاوانی ناو دەسەڵاتی کوردیی هەیە لە ئیددیعاکردنەکانیاندا بۆ یەکسانیخوازیی. من ناتوانم خۆم لەئاست ئەو یارییە ناشیرینەی حیزب حیزبێنە و ئەو بێنەوبەردە خۆویستانەیەی سەرکردە و ئەندامانی ئەو حیزبانە نابینا بکەم و گومان نەکەم کە ئەو ئیددیعایانەشیان هەر لە سیاقی ئەو یارییە ناشیرینەدایە. من ئەو کارە (بە ووشەکەی خۆت) بە "کەڵکئاوەژوو"ی ئەوان دەبینم لە مەسەلەی ژنان. لە مەسەلەیەک کە بەحوکمی حەقیانەتەکەی ووزەیەکی شاراوەی گەورەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.

من پێم وایە تۆ زوو چوویتە یارییەکەوە و گرەوێکی زیاد لەپێویست گەورەت لەسەر دەم لەیەکسانی کوتانی تەنها کەسێکی ناو دەسەڵات کرد. بەلای منەوە دروست نییە هەر بەوەی کەسێکی ناو دەسەڵات باوەڕی خۆی بە یەکسانی ژن و پیاو ڕاگەیاند ئیتر ئێمە ئەمە بەکارێکی گەورەی ئەو کەسە لەقەڵەم بدەین و ڕێگە بە خۆمان بدەین بۆ دەستخۆشانەلێکردنی بە شانوباڵیدا هەڵبدەین، چونکە بەسەراحەت ئەگەر نێچیرڤان بارزانییەک باوەڕی بەیەکسانی ژن و پیاو هەبێت ئەوە ئازایەتییەکی نەکردووە. من پێم وایە ئەم مەسەلەیە زیاد لەپێویست تۆی سەرسام کرد، تا ئەو شوێنەی ئەم سەرسامییەت لە زۆر سیاقدا بێئەوەی خۆت بزانیت کردیتی بە موبەللیغی حیزب و حکومەتی حیزب بەو هەموو ناشیرینیانەیانەوە کە هەیانە. موبەللیغێک هەروەک ئەو موبەللیغانەی حیزب کە هەر خەریکی بۆیەپۆشیی ناشیرییەکانی پیاوانی حیزب و شیرینکردنیانن. چوونەوەکەت، وەک بۆ من چاوەڕوانکراو بوو، دەستتی لەڕەخنەکردنی ناشیرینییەکان بەستەوە. ئا لێرەوەیە کە من تێگەیشتنم بۆ تورەیی بەشێک لەوانە هەیە کە لە

سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕەخنەت دەکەن. ئاخر کارنامەی ئەو دوو دەسەڵاتە حیزبییەی ئەو ناوچەیەی ئێمە زۆر لەوە فاسیدانە ترە پیاهەڵدانی سەرانی بۆ کەسانێک کە خەمخۆری کەرامەت و ئینسانییەتی خەڵکی کوردستانن قابیلی قبوڵ بێت.

من ئەزانم تۆ دەڵێیت کە تۆ بۆ کارکردن یان خزمەتکردن بە دۆزی ژنان چوویتەوە و چوویتە ناو دەسەڵاتەوە. لەبەرامبەردا زۆرێک بەوە تاوانبارت دەکەن کە ئەوە پلەوپایە و پارەوپوول و ناودەرکردنە کە ئیغرای کردووی. من لەئاست ئەم دوو هەڵویستەدا نامەوێت لێرەدا هیچ قسەیەک لەسەر ئەوە بکەم کە کامیان ڕاستن. باسێکی گرنگتر بۆ من لەم نێوەندەدا ئەوەیە کە ئایا واقیعەن ئەو کارکردنەی تۆ لەناو حکومەتدا مومکینە خزمەتێکی ئەوتۆ بە دۆزی ژنان و داواکارییە ئەسڵییەکانی بکات یان نا. بۆ منێک کە بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لەکۆمەڵگای پاتریارکیی کوردستاندا لەهەر شتێکی تر ئەهەمییەتدارترە، کار و چالاکیەکانی هەر فیمینیستێک لەو گۆشەیەوە هەڵدەسەنگێنم کە ئایا تا چەند بەفیعلی خۆی لە داواکارییە ئەسڵی و هەنووکەییەکانی ژنان وەک توێژێکی ژێردەست دەدات و تا چەند بەجیددی بەدوای بەدەستهێنانیانەوەیە. بۆ نموونە با وای دابنێین کە ئەو ڕەخنەگرانەت ڕاستییان نەپێکاوە و تۆ ئیغرای دەستکەوتی شەخسیی نەیبردوویتەتەوە لای دەسەڵات و ئەو کارەت بۆ خزمەت بە دۆزی ژنانە. لێرەوە قسەی من دەست پێدەکات و پرسیار لەئەهەمییەتی ئەو چوونەت بۆ ناو دەسەڵات دەکەم بۆ مەسەلەی ژنان.

من بەر لەچوونەوەت و لە قسەکانمدا لە *کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم*دا هەوڵمدا ئیستیفهامێک بخەمە سەر جیددیەتی نێچیرڤان بارزانی و دەسەڵاتدارانی کوردستان لە لافلێدانەکانیاندا بۆ یەکسانی ژن و پیاو. بەڵێ منیش وەک تۆ بەلامەوە جێی سەرنج و ئەهەمییەتە حکومەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە پای ئامادەیی دەربڕینەوە بۆ کارکردن بۆ چەسپاندنی یەکسانی ژن و پیاو، بەڵام گرنگیشە ئینسان بەر لەوەی ڕێگە بە خۆی بدات زیاد لەپێویست تەوەهوم ببێ بەو وادە و بەڵێنانە و لەسەر ئەو بناغەیە بڕیاری گەورەتر بدات، گرنگە فەحسێکی مەدای جیدییەتی ئەو لێدوان و وادە و بەڵێنانە بکات. گەر بیرت بێت من لە *کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم* هەر کارێکی وام کرد بەوەی کە زۆر بە سادەیی پرسیم "ئەرێ ئێمە چاوەڕێی چین" و بۆچی داوای دەرکردنی یاسای یەکسانی ژن و پیاو و ڕاگەیاندنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو ناکەین مادام دەسەڵات لە دۆکومێنتێکی ڕەسمی خۆیدا لافی ئەوە لێدەدات کە لە سیاسەتی خۆیدا باوەڕی تەواوی بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە.[1] من لەوێدا بۆ فەحسی مەدای جیدییەتی ئەو لافلێدانانەی سەرۆکی حکومەت گرەوی ئەوەم دانا کە حکومەت خاوەنی قسەی خۆی بێت و بێتە پای قایلبوون بەو هەنگاوە مەنتیقی و عەمەلییانەی کە ئەو قەولانەیان بە دوای خۆیاندا دەیانهێنن. کە بینیشم پێشنیارەکانم گوێیان

---

[1]. بۆ خوێندنەوەی ئەو باسە کەسێک دەتوانێت سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکات لەسایتی ژننامە:
http://www.jinname.org/jinname.php?besh=Nusraw&perrge=nusraw&nujimare=643

لێخەوێنرا، ئیتر پێویستم بەوە نەبوو ئەرکی زۆرتر بکێشم تا بزانم ئەو قسانەی حکومەت تەنها شیعاراتی مردوو و بێ گیانن.

تێپەڕبوونی کاتیش هەر ئەمەی سەلماند. پاش ساڵێک ئەوەی من دەیبیستمەوە تەنها بەستنی چەند کۆنفرانسێک و دروستکردنی پەیکەر و دەرکردنی سروودێک و بڕێکی زۆر چالاکی تری لەم چەشنەیە. دەی ئەمانەش کار و چالاکیین بۆ مەسەلەی ژن، بەڵام پرسیاری گەورەی من لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی دەسەڵات تەنها ڕێگە بەم جۆرە چالاکییانە دەدات نەک جۆری تر. ئایا ئێمە دڵنیاین کە حەقیانییەتی مافی ژنان و بزووتنەوەی ژنانمان نەکردۆتەوە کەرەستەی ڕیکلام بۆ حیزب و دەسەڵات، هەروەک چۆن چەند ساڵە ڕێکخراوە بەناو ژنان و ئافرەتانەکان ئەم کارە دەکەن؟ مەحەکی من بۆ جیدیەتی دەسەڵات لەئیددیعاکانیدا بۆ یەکسانی ئەوە نییە کە ئایا چەند ئامادەیە لە هەشتی مارسدا چەند خەڵاتێک ببەشێتەوە بەسەر چەند کەسێکی یەکسانیخوازدا و چەند ئامادەیە نەفەقەی کۆنفرانسەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی؛ بەڵکو ئەوەیە کە چەند بەجیدی بەخەمەوەیە و چەند ئامادەیە ئیجرائی ڕاستەوخۆ وەربگرێت بۆ سنووربۆدانانی ئەو کارەساتانەی هەر ڕۆژە بەسەر نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتەدا دێت تەنها لەبەر ئەوەی ڕەگەزی مێیینەن.

من دەپرسم: ئاخر ئەگەر حکومەت یەکسانیخوازە کێ دەستی گرتووە، ئەوە بۆ بیرێک ناکاتەوە پرۆژەی یاسایەک بداتە پەرلەمان بۆ قەدەغەکردنی مارەبڕین بە منداڵیی و بەزۆر بەشوودانی کچان گەر ئەم دیاردانە جەریمەیەکن و ئێستاش لەلایەن خێزانەکانەوە بە بەربڵاوی دژ بە کچانی ئەو دەڤەرە ئەنجام دەدرێن؟ پێت وایە کێ نارازی دەبێت گەر بێت و یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی تەحەڕوش بە کچان دەربکات و بەجیدیەتیشەوە بەدوای جیبەجێکردنەییەوە بێت، یان هەر هیچ نا بەجیدی و بەپراکتیک تەبەنی یاسا کۆنەکەی سەردەمی حکومەتی بەعس بکات سەبارەت بە تەحەڕوش؟ ئەرێ کێ لاری لە ئینساندۆستی بڕیارێک دەبێت دژ بە دیاردەیەکی دواکەوتووانەی، یان ڕاستتر بڵێم جەریمەیەکی گەورەی وەک خەتەنەکردنی کچان گەر حکومەت بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی دەربکات و بەڕاستگۆیانە بەدوای جێبەجێکردنیەوە بێت؟ کەس دەستی حکومەتی نەگرتووە کەمێک جیددیتر دوای سزادانی ئەو کەسە تاوانبارانە بکەوێت کە ژنان و کچان ئیغتیساب دەکەن. ئەرێ ئەو حکومەتە یەکسانیخوازەی کە بڕیارە تۆ بۆ یەکسانیخوازییەکەی چوبیتە پاڵی چی دەستی گرتووە لەوەی ئەولەوییەت بە دەستگیرکردن و سزادانی ئاشکرای ئەوانە بدات کە ژنان و کچانی خۆیان دەکوژن، لەجیاتی ئەوەی ئەولەوییەت بە دەستگیرکردنی ئەو میردمناڵانە بدات کە لەحەسادەتدا شەوان بۆیەی ئۆتۆمبیلە ڕاقییەکانی "دەوڵەمەندە نوێیەکان"ی شاریان ڕوشاندبوو؟ هیچ لەخۆنەوینێکی زۆری ناوێت گەر سەرۆکی حکومەت لەیەکسانیخوازیی خۆیدا لەکاتی دەستنیشانکردنی ناوی وەزیرەکانی کابینەکەیدا، بێ و بۆ نموونە وەک وەزیری پەروەردە کەسێک دابنێت کە لایەنگری تێکەڵاوکردنی کچان و کوڕان بێت لە قوتابخانەکاندا یان داواکاری دابینکردنی ژمارەی کافی باخچەی ساوایان بێت لەپێناو

دەستئاوەڵاکردنی ژنان بۆ دەرچوونەدەرەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا. بۆ ئەبێ ساڵێک زۆرتری بوێت بەیاسا قەدەغەکردنی ترادیشونی دواکەوتووانەی ژن بەژن و ترادیشونی نامرۆڤانەی لەخوێنادان؟ ئەرێ ئەوەندە زەحمەتە بۆ حکومەتێکی یەکسانیخواز بیربکاتەوە بەبڕیارێک و بە ئیجرائاتێکی فیعلی سنوورێک بۆ لێشاوی لەمەکتەب دەرهێنانی کچان لەلایەن خیزانەکانیانەوە دابنێت؟ . . . ئەمانە هەموو کاری لەدواخستن نەهاتوو، گرنگ، یەکسانیخوازانەی بەردەستن و حکومەت لێی کردووین بە شاخ و خۆی لەگرتنی دەدزێتەوە. حکومەتێک کە خۆی بەیەکسانیخواز ڕادەگەیەنێت بەڵام لەئاست ئەم داواکارییە سانا، بەڵام مەزنانەی ئێمەی ژنانی یەکسانیخواز گوێی خۆی دەخەوێنێ و دەستی دەستییمان پێدەکات، ئەوە ئیتر فەقیرحاڵییە ئێمە گومانی گەورە لەغەرەزی ئەو شیعاراتانەی حیزب و حکومەت نەکەین کە بۆ لایەنگری لەخەباتی ئێمە دژ بە پاتریارکییەتی کۆمەڵگای کوردستان دەیاندات.

خۆ ئەگەر بووترێت ئاخر حکومەت بیری بۆ ئەم مەسەلانە ناچێت، ئەوە ئەو قسەیە دەبێتە عوزرێک لە قەباحەت خراپتر. ئاخر حکومەتێک کە بڕیارە مافی ژنان پرەنسیپێکی گرنگی بیر و کاری بێت، بۆ ئەبێت بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆسووتاندنی 725 ئافرەت تەنها لەساڵی پاردا و کوژرانی 18 ئافرەت تەنها لەمانگی دوو و سێی ئەمساڵدا ڕاینەچڵەکێنێت و بیرێک لە خەملێخواردنی جیددی نەکاتەوە بۆی؟ بۆ ئەبێت حکومەت هەواڵی زیندووکردنەوەی ترادیشونەکانی خێڵی جافی ئەوەندە بەلاوە گرنگ بێت، بەڵام هەواڵی ترادیشونی تەجاوزکردنە سەر جەستەی هەزاران لە کیژۆڵەکانی وڵات و خەتەنەکردنیان موویشی نەجوڵێنێت؟

ئازیز مەهاباد!
بەکورتی من پێم وایە ساڵێکە حکومەتی هەولێر تۆی گرتۆتە خۆی و لەبری ئەوەی وەک فیمینستێک کاری خۆتت بۆ بکات، کاری خۆیت پێ ئەکات.

من پێم وایە تۆ گرەوێکی زیاد لەپێویست گەورەت لەسەر یەکسانیخوازی ئەو حکومەتە کرد. گەر ئەو حکومەتەش ئاوا بێخەم لەو جەریمانە دەڕوانێت کە ڕۆژانە بەرامبەر بەژنانی وڵات دەکرێن و هەر دەنووسێت بە هەندێک کاری ڕووکەشانەوە، ئەوا مانەوەی تۆ لەناو ئەو حکومەتەدا دەتکات بە کەرەستەیەکی ڕیکلام بۆ حیزب و حکومەت و هیچی تر. ئەوکات زۆرێک حەقی خۆیان دەبێت یان بەوە ئیتیهامت بکەن کە تۆ وەک چالاکێکی بواری مافی ژنان زۆر بەئاسانیی لەلایەن دەسەڵاتێکەوە کە مافەکانی ژنان شتێکی وا ناگەیەنێت بۆی ڕاو کرایت، یانیش بەوەی کە تۆ ئەم واقیعەتانە دەزانیت بەڵام پلەوپایە و ناو و موڵک و ماڵ و پچرینی بەشی خۆ لەو تاڵان و بڕۆیەی دەسەڵاتداران بۆ سەر سەروەت و سامانی ناوچەکە دەستیان داوەتێ ئیغرای کردوویت و لەم پێناوەدا چاوت لەئاست زۆر گەندەڵی و نادادپەروەریی، وە تەنانەت لەئاست بێدەربەستیی حکومەت بەرامبەر بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی ژنی کوردستان داخستووە.

ئەو کارانەی حکومەت لەساڵی ڕابردوودا ڕیگەی بە تۆ دا بیانکەیت هەموو کارگەلێک بوون کە بەر لەهەر شت بەهایەکی ڕیکلامییان هەبوو بۆ حیزب بۆیە ڕیگەیان پێدرا. حیزب ناو و ڕوخساری ڕۆشنبیریی تۆی وەک چالاکیکی بواری مافی ژنان قۆزتەوە بۆ بردنەوە و سەرکەوتن لەو شەڕە کۆنفرانس و فیستیڤاڵبەستنەدا کە لەگەڵ حیزبی ئەوبەردا ماوەیەکە دەستیان داوەتێ. تۆ ساڵێکە لەژێر ئەو مەرجەدا ڕاگیراویت کە دەبێ تەنها ئەو داواکارییانەت هەبێ کە مومکینە حیزب ڕەزایەتی لەسەر هەبێت. ئەگەریش ئەمجارە داوایەکی سەربەخۆت کرد و بەسەربەخۆ و وەک جاران جەسوورانە دوای کەوتیت یەکسەر قسەی ئیستیقالە و ئیقالەیان بۆ هێنایتە پێش.

بەڕای من ئەوەی کە ئەم داوایەی ئەخیرت سەبارەت بە کۆتەی ژن لەناو دەسەڵاتدا ئاوا گوێی لێنەگیراو، دژایەتی کرا و هەڵایان لەسەر نایەوە و فشاریان بۆ هێنایت تەنها لەبەر ئەوە بوو کە ئەم داوایەیان جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ ئەوانی پێشووتدا، کە دەسەڵات بێ سێ و دوو دەچووە پشتی، هەبوو. جیاوازییەکە بەسادەیی ئەوەبوو کە ئەم داوایەت وەک ئەوانی تر بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ئەو حیزبانەی لەپلەی یەکەمدا دانەنابوو، بەڵکو جەختی لەسەر ڕەوایی مەسەلەی ژن بوو لەکوردستاندا. ئەم داوایە و وێنەی مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵیدا دروستیی ئەو ڕایانەی منی سەلماند کە لەچەند شوێنی تریشدا وتوومن کە یەکەم: خەباتی ژنان دژ بە پاتریارکییەتی کۆمەڵگا مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا بێتەوە و بگرە لەزۆر حاڵەتدا – بەتایبەت لەوڵاتانی ئێمە – ناکۆکن بەیەک. دووەم، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی وەک هەر دەسەڵاتێکی تری ئەو ناوچەیەی ئێمە لەبەرژەوەندییەکانی خەڵک دابراون و تەنها و تەنها بەدوای قایمکردنی پایەکانی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوەن. سێیەم، ئەوان قەت ڕۆژێک ئامادە نین ڕوویەکی خۆش بدەنە کەسێکی "غەیرە" گەر بێ و بەپلەی یەکەم خزمەت بەو ئامانجەیان (ئامانجی قایمکردنی پایەکانی دەسەڵاتیان) نەکات. چوارەم، ئەوان هەر بۆ ئەو ئامانجەیە دەچنە بەرگی دۆستایەتینواندن بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەر کاتێکیش نەسازییەک کەوتە نێوان ئەم ئامانجەیان و داوایەکی بەرحەقی تەرەفی بەرامبەرەوە، ئەوە ئەوان بێ دوودڵیی بەرامبەر دەخەنە لاوە و ئەولەوییەت دەدەنە بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

بەهەرحاڵ دەسەڵات لای ئێمە ئاوا دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی خۆسەپێنەرە. ئەمە تا ئێرە کێشەیەکە. بەڵام کێشەیەکی تر کە من مەبەستمە ئەمڕۆ قسەی لێبکەم مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی چالاکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەرحەقەکانی خەڵکە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا. من پێم وایە زۆرێکمان دروست ئەم مامەڵەیە ناکەین. هەڵەی تۆ بۆ نموونە لەنزیکبوونەوە و کارکردنت لەگەڵ حکومەتێکی لەم چەشنەدا ئەوەبوو کە تۆ هەموو ئەمری خۆت وەک ڕوخسارێکی فیمینیزم تەسلیم بەدەستی دەسەڵات کرد و چاوەڕوانیت ئەو بەمەرحەمەتی خۆی مافەکانی ژنانت بۆ دەستەبەر بکات. ئەم "سیاسەتی مەرحەمەتخوازیی"یەی تۆ دەستت داوەتێ مەترسییەکەی لەوێدایە کە تۆ وەک ڕوخسارێکی دیاری بزووتنەوەی ژنان ئموری بزووتنەوەی

ژنان دەخەیتە بەردەستی دەسەڵاتدارێک تا بە مەزاجی خۆی هەر کاتێک ویستی بتدوێنێ و هەر کاتێکیش مەزاجی تێک چوو، یان تێکت دا، بێبەرییت بکات لەهەموو ڕۆڵێک. ئێستاش ئەوەی کە ڕوودەدات هەر ڕێک سەلماندنی ئەم تێڕوانینەی منە. تۆ بەنامەکەت بۆ جۆرج بۆش و پێداگرییەکانت لەسەر داوای دانی کۆتەی ژنان مەزاجی دەسەڵاتت برێک تەڵخ کرد و ئەویش بەهەمان ئەندازەی ئەو "پێ خواردانان"ەی تۆ (دیارە پێ خواردانان لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە) باسی ئیقالە و ئیستیقالەی بۆ هێناویتەتە پێش و باسی بێبەریکردن دەدات بە گوێتدا. ئەوەی جێی داخی منە ئەوەیە کە ناتبینم تۆ بێ منەت بیت لەو هەڕەشەی بێبەریکردنە. تۆ حکومەت جارێک باس لە ئیقالەکردنت دەکات و جارێکیش باس لەئیستیقالە دانت، کەچی تۆ خۆت هەر دەتەوێ بڵێیت کە هیچ لەئارادا نییە و هەندێک ناحەز قسە هەڵدەبەستن، ئەگینا دۆخەکە هەروەک جاران دەڕوا و تۆ هەر لە پۆستەکەی خۆتدایت. حکومەت و پیاوانی لەسەر نامەکەت دنیایەکت لێ هان دەدەن و لەسەر قسەگەلێک کە هەر هیچ نا بەلای خۆتەوە قسەی حەق و قسەی مەبدەئیی تۆن هێرش دەکەنە سەرت، کەچی تۆ لەبەرامبەریاندا تەنها بەوە دەوەستیتەوە کە تۆ بەناوی شەخسیی خۆتەوە قسەت کردووە. بەمەش تۆ بەناڕاستەوخۆ دەڵێیت کە یەکەم، حکومەت مافی خۆیەتی ئەم داواکارییە مەبدەئییانەی منی بۆ گرنگ نەبێت و هەر خۆیشی نەکات بە خاوەنیان و دووەمیش، لەگەڵ ئەوەشا من هەر ئامادەم لەناو ئەم حکومەتەدا بمێنمەوە. ئا لێرەدایە تۆ لەبەر دڵی حکومەت ئیستیفهامێک لەسەر خۆت دروست دەکەیت. ئاخر تۆ ئەگەر بۆ مەسەلە مەبدەئییەکانت نەبێت ئیتر کاری چیت ماوە لەناو حکومەتدا؟ چاوەڕوانیی من لەکەسێکی خەباتکاری ڕاستەقینەی ناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی لەحاڵەتێکی وادا ئەوەیە کە ئەو بەر لە حکومەت و هەر کەسێکی تر هەڕەشەی ئیستیقالەدان و وازهێنان بێنێتە پێشەوە. کە تۆش خۆت ئەمەت نەکرد، ئێستا پڕ بەدڵ تەمەننا ئەکەم ئەو لێدوانەی قسەکەری ڕەسمی حکومەت ڕاست بێت کە تۆ خۆت بیرت لە ئیستیقالە کردۆتەوە. بەڵام من ترسێکم لەوە هەیە کە بۆچی خۆت ڕایناگەیەنیت. ترسی ئەوەم هەیە کە - هەروەک چۆن ئەو قسەکەرە ڕەسمییەی حکومەتیش داوێتی بەگوێی خەڵکدا - ڕەنگە هەر لەناو حکومەتدا بمێنیتەوە و کاربکەیت. تەمەننا ئەکەم وا نەبێت و ئەگەریش وابێت ئەوە ئیتر سەرم سوڕ نامێنێت لەوەی ئەگەر ڕەخنەگرانت بەوە تاوانبارت بکەن کە مەهاباد قەرەداغی بەشوێن ناودەرکردن و پۆست و ماڵ و موڵکەوەیە نەک مەبدەئێک.

بەڵام نا، من ئەو چاوەڕوانییەم لێت هەیە کە بەلای تۆوە شانازییکردن بە مەبدەئێکی ئینسانییەوە زۆر گەورەتر بێت لە شانازییکردن بە پلەوپایەوە. من چاوەڕوانم تۆ بگەڕێیتەوە سەر داکۆکییە سەرسەختانەکانی جارانت لە کەرامەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە و مافەکانی ئافرەتانی ئەوێ لەبەرامبەر ئەو ناحەقییانەی دەسەڵات بەرامبەریان دەیانکات.

تۆ بزانە ئەو داکۆکییانە جێگەی شانازییەکی زۆر گەورەترە لەو خۆنواندنە پووچەی کە "دەوڵەمەندە نوێیەکان" بە ڤێللا و مۆنیکاکانیانەوە بەسەر خەڵکە دەستپاکەکەوە دەیکەن.

ئێمەیەک کە لەدەرەوەی دەسەلاتدا وەستاوین شانازیی گەورەمان بەوەوەیە کە ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و ناعادیلەی کوردستانین. ئەگەر جاران لەناعادیلیی دەسەڵات خەڵک دەیدا بە شاخدا و دەبووە پێشمەرگە و چەکی هەڵدەگرت، ئەوا ئەم سەردەمە ئێمەی ڕەخنەگر دەدەین بە هەندەراندا و قەڵەم هەڵدەگرین. هەر بەهەمان شێوەش کە یەکێکمان "قەڵەم دادەنێ" و دەچێتەوە پاڵ حکومەت خەمبار دەبین و وای دادەنێین بەئەندازەی ئەو سازشە پیاوانی حکومەت دەستئاوەڵا دەبن و حەق بەخۆیان دەدەن ناحەقی بەرامبەر بەخەڵک بکەن.

خۆزگە تۆش گیانی ڕەخنەگریی جارانت دەهاتەوە بە بەردا و دەتدایەوە بە هەندەراندا و قەڵەمەکەت هەڵدەگرتەوە.

نەرویج
10.06.2006
rozahusein@yahoo.com